## راولینسن

سیر هێنری راولینسن ئەفسەری سوپای بریتانیا یەکەم ئوروپایی بوە لە سەدەی نۆزدەهەمدا توێژینەوەی مێژوویی و شوێنەوارناسی لە ئاورگەی شیز لە رۆژهەڵاتی بۆکان کردوە.
راولینسن بیرێکی تیژ و شارەزاییەکی باشی لە مێژووی ناوچەکە هەبوە و تەختی سولەیمانی بە هەگمەتانەی پێتەختی مادەکان زانیوە و گەرچی دواتر لەو بۆچوونە پاشگەز بۆتەوە بەڵام لە سەردەمی ئەودا هێشتا کێشەی پێتەختی ماد یەکلایی نەببوەوە و تەنانەت ئێستاش بابەتەکە هەر جێگەی باسی شوێنەوارناسانە.

راولینسن – کە بۆچوونەکانی جێگەی پەسەندی مینۆرسکی بوون و لە نووسینەکانی ئەودا رەنگیان داوەتەوە چەندین وتاری سەبارەت بە ناوچەی دەوروبەری بۆکان نووسیوە و لە گۆڤاری ئاکادێمیکی ئەو ساڵانەی بریتانیا دا بڵاوی کردوونەتەوە. وەرگێرانی ئەو وتارانە بۆ سەر زمانی کوردی ئەرکی هەرە گرنگی لاوەکانمانە و ئەگەر تەمەن ئیجازە بدات منیش سەریان لێ هەڵدێنمەوە. راولینسن ئەفسەری سوپاییەکی لێهاتوو و زانایەکی کەم وێنە بوە و بۆچوونەکانی دەبێ بەهەند وەربگیرێن. راولینسن (١٨٩٥ – ١٨١٠) هەروەها بە باوکی زانستی ئاشۆریناسی ناسراوە و لێکۆڵینەوەی زۆری لەسەر ئاشۆرییەکان کردوە، زمانی فارسیشی زانیوە. ناوی راولینسن هەمیشە لەگەڵ ناوی بەردنووسی بەهستان یا بەغستان دێت، راولینسن یەکەم کەس بوو هەوڵی خوێندنەوەی ئەو بەردنووسەی کرماشانی دا.

هەڵسەنگاندنەکانی راولینسن لە شوێنایەتی هەگمەتانە و پەیوەنددانیان بە ناوچەی تەختی سولەیمان و دەوروبەری بۆکان، گرنگایەتی ئاگاداربوونەوە لە نووسراوەکانی بۆ ناسینی مێژووی کۆن و شوێنەوارە مێژووییەکانی بۆکان دەردەخات.

Sir Henry Rawlinson, "Notes“ on a Journy from Tabriz in ١٨٣٨; Journal of Royal Asiatic society